# خوێندنەوەیەکی کورت بۆ شۆڕشەکەی بەدرخان پاشای گەورە لەکوردستانی باکور



**م. هاوکارحسن**

ئاشکرایە کە مێژووی هەر گەل‌و نەتەوەیەک‌و وڵاتێک ، خاوەنی چەندین کەسایەتی گەورەو لێهاتووە، یاخود خاوەنی دەیان ئەستێرەی درەوشاوەنە کە خزمەتی گەلەکەیان کردووە لەبوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا، وەکو لەبارەی خەیاڵ‌و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگاکەیانەوە، یان دروستکردنی کۆمەڵگایەکی شارستانی کە ئەمەش بۆتە پەیامیان‌و ئازادی‌و دیموکراتیان کردۆتە سەرمەشق‌و هەوڵیان لەپێناوی داوەو خوێنیان بۆ بەخشیوە، کە سەرەنجام دیرۆکێکی پیرۆز بۆ گەلەکەیان دابین بکەن‌و لەلایەن گەلانی دیکەشەوە سەربەرزو شکۆمەند سەیر بکرێن. گەلی کوردیش وەکونەتەوەیەکی کۆنی سەرزەوی، بەدەر نییە لەگەلانی دیکەی دنیاو لەم بوارەدا چەندان کەسایەتی ناسراوو درەوشاوەی تێدا هەڵکەوتووە، کە هەوڵیان بۆ دواڕۆژی نەتەوەکەیان داوە، کە تا ئێستەش شانازی بەو خزمەتەیان دەکرێ لەلایەن کوردەوە. ئەوەی کەلێرەدا مەبەستمە باسی بکەم، کەسایەتی‌و سەرکردەیەکی بەناوبانگی کوردە، کەتوانی بە ئەجێندایەکی زۆرجوانەوە بێتە سەرکایەی دەسەڵات‌و ئامانجێکی گەورەی هەبێت لەکوردستاندا، جگە لەکورد بگرە هەموو نەتەوەجیاوازەکانی ناو کوردستانی ئەوکات‌و تەنانەت ناحەزەکانیش دان بەهۆشیاری‌و زیرەکی دابنێن کە ئەویش ( میر بەردخانی پاشا)یە کەزادەی بنەماڵەی بەدرخانییەکانە کە بنەماڵەیەکی ناسراوی کوردن‌و خزمەتی زۆریان بە گەلی کورد کردووە، چ لەبواری شۆڕش بێ یان بزوتنەوەی رۆشنبیری‌و خزمەتی قەڵەمەوەبێ بۆ هۆشیارکردنەوەی گەلەکەیان. هەروەها رۆڵی بەرزیان دیتوە بۆ دۆزی کورد بۆ ناساندنی بە وڵاتانی جیهان. بۆیە گەر سەیر بکەین دەبینین، کە بەدرخان پاشا بەم غیرەتە نەتەوەییەی کە هەی بوو، توانی لەتەمەنی هەژدەساڵیدا، دەسەڵاتداریێتی میرنشینی جەزیرەو هەرێمی بۆتان بگرێتە دەست لەکوردستانی باکور لە ساڵی ١٨٢١وەو لەوکاتەدا کە هاتە سەرتەخت توانی چەندین شوێن بخاتە سەر میرنشینەکەی لەوانە (وان - سابلاخ - رەواندز - موسڵ - شنگار - پیرانشار - سێوەرك - شنۆ - ورمێ، تا گەیشتە قەڵای ئامەد٠دیاربەکر). هەرکە جڵەوی فەرمانڕەوایی گرتەدەست، بەوەوە نەوەستا تەنها میرنشینەکەی لە پیلان‌و تەماحی نهێنی‌و ئاشکرای بابە عەلی بپارێزێ ، بەڵکو بیری لە رزگاری سەرتاسەری کوردستان کردەوە لەدەست ئیدارەی ستەمبەخشی تورك‌و دامەزراندنی یەکێتیەکی گشتی لەنێوان میرنشینە جیاجیاکانی کوردستاندا. ئەوەشی کە یارمەتی دەربوو بۆ ئەوەی میربەدرخان بەم شێوەیە ببێتە سیمبوڵ‌و سەرکردەیەکی لێهاتوو بەتوانا دانی پێدابندرێ‌و دەسەلاتی بەم شێوەیە تەشەنە بسەنێت، بۆ ئەو هەوڵەی دەگەڕێتەوە کە بێوچان دەیدا بۆ چەسپاندنی ئاسایش‌و هێمنی. هەروەها زۆر دادپەروەرانە دەجوڵایەوە لەگەڵ نەتەوەکانی دی غەیری کوردی وەکو ئاشوری‌و ئەرمەنی‌و کلدانیەکان کە هەمووکات، کە هەوڵی بەردەوامی بوو بۆ نەهێشتنی ناکۆکیەکان لەنێوانیاندا بۆ پەیرەوکردنی یەکسانی. بۆیە هەندێك لەو سەرچاوانەی کەباس لە ئازایەتی‌و نەبەردی میربەدرخان‌و شۆڕشە گەورەکەی دەکەن گوتراوە کە میر بەدرخان گوتویەتی " من شای وڵاتم، نەك سوڵتانی عوسمانلی - ئەگەر ئەو لەمن دەسەڵاتدارترە، ئەوا من لەو شەریفترم" ئەمانە هەمووی بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە سەرکردەیەکی کورد هەموو ژیانی تەرخان کردووە لە پێناوی ئازادی‌و سەربەرزی گەلەکەیدا دژی زۆرداران‌و دوژمنان. کە توانی پەیمانێکی گشتگیر لەگەڵ هەموو میرە کوردەکانی ئەوکات ببەستێت، ئەویش بە ئامانجی یەکخستنی کوردستان‌و رزگارکردنی لەژێر دەسەڵاتی زۆرداری دەوڵەتی عوسمانیدا، کە بە پەیمانی پیرۆز ناسرا، تیایدا هەموو میرە کوردەکان تەنانەت زۆر لەمیرە کوردەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتیش بەشداریان تێداکردو سوێندیان خوار کە هەموو توانایان بخەنەگەڕ بۆرزگاربوون‌و لە رەگ‌و ریشەدەرهێنانی، زوڵم‌و ستەمی دەوڵەتی عوسمانی.

هەربۆیە تاکە میربوو لەو سەردەمەدا کە پارەیەکی بەناوی خۆیەوە دەرکرد کە لەدیوێکیەوە نوسرابوو (ئەمیربۆتانی بەدرخان) لەدیوەکەی دیکەشەوە نووسرابوو (ساڵی ١٢٥٨هجری). وە سوپایەکی بەهێزی دروستکردوە. لەجزیرە دوو کارخانەی دامەزراند کە یەکێکیان بۆ دروستکردنی چەك‌و ئەوی دیکەشیان بۆ دروستکردنی باروت، لەلایەکی دیکەوە بۆ پشت بەستن بەخودی خۆی دەستی کرد بە ئامادەکردنی کەسانی کارامەو لێهاتوو. بۆ ئەم مەبەستە بەناردنی کۆمسیۆنێکی چەند کەسی بۆ دەرەوەی وڵات بەمەستی وەرگرتنی شارەزایی بۆ ئەوەی لە دوایدا سودیان لێ وەربگرێت. واتە بەزانینی ئەم هەموو کارانەی ئەم میرە کوردە، دەردەکەوێت کە چەند دڵسۆزی گەلەکەی بوو، هەموو ژیانی لەپێناوی یەك خولەکی بەختەوەری‌و سەربەرزی گەلەکەیدا بەخت کردووە.

بەم شێوەیە میر بەدرخان بەردەوام بوو لەسەر کارەکانی، لەلایەکی دیکەوە ئەو زوڵم‌و زۆرداری‌و روتاندنەوانەی سەرۆکە تورکەکان دژی کورد پەیڕەویان دەکرد وەکو وەرگرتنی باجێکی زۆر لەخەڵك‌و جۆری کۆکردنەوەیان‌و هەروەها سەربازگرتن بەزۆرەملێ لەکوردو چەندین کاری دی خراپ، کە هەموو ئامانجێکیان قەلاچۆکردنی کورد بوو جا بەرهەر رێگایەك بێت. بۆیە دەرەنجامی ئەو هەموو ستەم‌و زوڵمانەی کە بەردەوام دەرهەق بە کورد ئەنجامیان دەدا، کوردیش نەیتوانی لەمە زیاتر چاوپۆشی قبوڵ بکات چاوی لێ بپۆشێ، بۆیان دەرکەوت کە پێویستە لەرێی خەباتێکی تەواوەوە دژی سوڵتان‌و دەسەڵاتی تورك لایەك بەلایەکدا بخرێت، واتا بێزاری لەرادەبەدەری کوردو خودی کەسایەتی میر بەدرخان لە پێشەوایەتی



کردنی کورددا دژی دەوڵەتی عوسمانی گەیشتە ئەوەی کە هەموو بەیەك دەنگ بڕیاربدەنو شۆڕشێك دەستپێبکەنەوە، کە ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان بۆ رزگاربوون لە دەستی عوسمانیەکان بۆ دەستەبەرکردنی مومارەسەکردنی دیموکراتیو هەڵمژینی هەوای ئازادی. بۆئەم مەبەستەش میر بەردخان لەشکرێکی بەهێزو خاوەن دیسپلینی لە هۆزو خێڵەکانی هەرێم پێکەوەناو پەیوەندی بە (نوراللە بەگی میری هەکاریو محمود خانی ناوچەی موکس لە کوردستانی ناوەند)بەهێز کرد. هەمیشە چاوەڕوانی هەلێکبوو لەو کاتەدا کە بیقۆزێتەوە، هەربۆیە ئەو زروفە سیاسیەی کە کوردستانی تێدابوو لە دەوروبەری ساڵی ١٨٤٣وایکرد کە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە بۆتانەوە کۆ ببێتەوەو بتەقێتەوە بەرووی دوژمنانی کورد، لەبەر ئەوەی بەهێزترینو گەورەترین میرنشینی ئەوسای کوردبوو. میرنشینەکانی ئەوسای کورد لاوازبوون، جا ئەو زروفانەش وایکرد کە دەوڵەتی عوسمانی هەموو هێزو توانای خۆی ئاراستەی میرنشینی بۆتانو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەوێ بکا. گەر سەیربکەین دەبینین کە فراوانی بزوتنەوەکەو ئامانجە نیشتیمانیەکانی- رووداوەکانی، هەروەها دەستتێخستنی دەوڵەتە ئیمپرالیستیەکانی، گشت ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە بزافەکە، لەبازنەی کوردستانو عوسمانی وەکو روداوێکی ناوخۆ بچێتە چوارچێوەیەکی جیهانیەوە کە ئەمەش یەکەمجارە لەمێژووی کورددا، مەسەلەی کوردو بزوتنەوەی رزگاریخوازەکەی قەوارەیەکی جیهانی وەربگرێ. بەم شێوەیە ئەم هەوڵو کۆششانەی میر بەدرخان پاشا وایکرد عوسمانیەکان چیدی نەتوانن لەئاست ئاوەها سەردارێکی کورددا بێدەنگ بوەستن بۆیە کەوتنە پیلانگێڕان بۆی تا گەیشتە ئەوەی پێك دادانو رووبەروبوونەوە لەنێوان کوردو تورك رووبدات. بەتایبەتی لەدوای ئەوەی کە بەدرخان لە ئەرمەنیو ئاشوریەکانی دائەویش بەهۆی نەدانی بەچ دەوڵەتی عوسمانیو دەوڵەتانی ئەوروپا، لەوکاتەدا باڵیۆزە ئەوروپاییەکان دەنگیان لێ بەرزبۆوەو کەوتنە سکاڵاکردن لای سوڵتان، ئەویش لەهەلو دەرفەتێکی وادەگەڕا کە بتوانێت بەم هۆیەوە تۆڵە لەبەردخان بکاتەوەو دەوڵەتە ئەوروپاییەکانیش هاوکاری بکەن، ئیدی بەم شێوەیە شەڕوپێکدادان بۆ ماوەی زیاتر لە سێ ساڵ بەردەوام بوو، کە دەوڵەتە ئەوروپیەکانیش ئاینیان کردبووە بیانوویەك بۆ دەستخستنە ناو کوردستان سوڵتانیش لەهەلودەرفەتێکی وەها دەگەڕا کە بتوانێت بەم هۆیەوە تۆڵە لە بەردرخان بکاتەوەو دەوڵەتە ئەوروپیەکانیش هاوکاری بکەن، ئیدی بەم شێوەیە شەڕوپێکدادان بۆ ماوەی زیاتر لە سێ ساڵ بەردەوام بوو، کە دەوڵەتە ئەوروپیەکانیش فاکتەری ئاینیان کردبووە بیانویەك بۆ دەستخستنە ناو کوردستانو یارمەتی ئاشوریەکان بدەن، کە ئەوەش بووە یەکەم بەیەکدادان لەنزیکی ئورمیە روویدا کە لە ئەنجامدا سوپای عوسمانی شکا، بەم شێوەیە بەردخان لەگەرمەی شەڕدابوو کە خەریکی سەرکەوتنێکی تری گەورەبوو، لەناکاو سەرکردەی یەکێك لە لەشکرەکانی کە نیوەی سوپاکەی لەگەڵ بووو ئامۆزای خۆیشی بوو، خیانەتێکی مێژوویی گەورەی ئەنجامداو چووەپاڵ هێزەکانی دوژمنەوە ئەویش بەناوی(یەزدان شێر)کەبووە هۆی ئەوەی لەشکرە گەورەو بەهێزەکەی بەدرخان پەرتەوازە بێتو پاڵ بدەنە قەڵای ئاروخ کە لەوێش بۆ ماوەی (٨)مانگ گەمارۆدرانو لەدواییدا خۆیدا بەدەستەوەو لەهاوینی ١٨٤٧ بەدەستبەسەری رەوانەی ئەستەمبوڵ کراو دوایی خۆییو خێزانەکەی بۆ دورگەی (کریت) دورخراوەو لەساڵی ١٨٦٨ لەشام(دیمەشق) مرد. بەم شێوەیە میرنشینی بۆتان لە ساڵی ١٨٤٧ کۆتایی پێهاتو دەوڵەتی (عوسمانی) خەونی بەم سەرکەوتنەوە دەبینی، بۆیە ئەوانەی بەشدار بوون لە رووخاندنی میرنشینەکە مەدالیای تایبەتیان وەرگرت بەم بۆنەیەوە کە ناونراوە بە(مەدالیای شەڕی کوردستان). راستە کە شۆڕشەکەی میربەدرخان کوژێنرایەوە روخێندرا، بەلاّم تا ئێستاش شانازی بەو ئەستێرە درەوشاوە دەکرێتو بووەتە مایەی پیاهەڵدان لەلایەن زۆربەی شاعیرانی کورد، هەروەکو حاجی قادری کۆیی دەڵێت:

بەدرخان لەسەرلاچێ لەمەو پاش
لەهەر لایێ دەتان هاڕن وەکو ئاش

سەرچاوەکان:
- کێشەی کورد مێژینەو ئێستای کورد. دکتۆر بلەج شێرکۆ
- چەند لێکۆڵینەوەیەك لەمێژووی بابان، سۆران، بۆتان. دکاوس قەفتان
- شۆڕشەکانی کوردو کۆماری عێراق: علاادین سجادی

# کۆمەڵگەی پێشکەوتوو یاخود ئابووری پێشکەوتوو

**لەعەرەبیەوە: موفق میراودەلی**

هەروەکو دەگوترێ دیاردەی جیهانگیری وایکردوە جیهان بگۆڕێت بۆ گوندێکی بچووكو رەنگدانەوەی لە کتێبو رۆژنامەو شێوازەکانی رأگەیاندن بەهەموو جۆرە جیاوازەکانیەوە لەشێوەی (نوسراو،بیستراو،بینراو) ببێت،دەتوانرێ بەشێوەیەکی زۆر باشو بەتەواوی ژیانی گەلان لەلایەنی ئابووریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو سیاسی بزانرێت بەبێ چەشتنی ئازارو دەردەسەریو گەڕان، ئەوەی لەهەموویان گرنگترە ئەو زانینو ناسینە تەنها بژاردەیەکی دیاریکراو ناگرێتەوە نزیکەی بۆ هەموو خەڵك رەخساوە، ئەم کارەش هەلومەرجی زۆر باش بۆ گەلانی جیهان دابین دەکات، بەبێ هیچ دەرهاویشتەیەك دەتوانرێ ئەو زانستە لەبواری ئابووریدا بخرێتەکارو کەڵكو سوودی زۆری لێ دەردەست بکرێت، ولأتانی جیهانی سێهەم(تازەپێگەیشتوو) دەتوانن سوود لەئەزموونی تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنی ولأتانی تر وەربگرنو لەوڕێگەیەوە چارەسەری زۆربەی کێشە ئابوورییەکانیان بکەن، ئەمەش کاتێکی کەمی دەوێو بەبێ ئەوەی هەوڵو ماندوبوونی زۆر بۆ داهێنانو چارەسەری تازە، خاڵی سەرەکی کە لەو وتارەدا دەمانەوێت ئاگادارکردنو شارەزاکردنی خەڵکە لەو پێشکەوتنە گەورەیەی کە زۆرێك لەولأتان پێ ی گەیشتوون، بەتایبەت لەبواری بنیادنانی ئابووری وامان لێ دەکات لەنهێنی ئەو پێشکەوتنە بپرسین، ئایا تەنها تەکنەلۆجیاو ماڵو داراییو شارەزایی هونەرییە؟ ئەگەر وابێت، بەشێکی زۆری ئەوانە لەلای ئێمە بوونیان هەیە یاخود دەتوانین بیانگوازینەوە یان بەشێوازی جۆربەجۆر دەردەست بکرێت، زۆربەی ئەوانەی گەشت بۆ ولأتانی تر دەکەن یان گوێبیست دەبین باس لەو پێشکەوتنە ئابوورییەیان دەکەن، زۆربەشیان وابەستەی پێشکەوتنی رەفتاری کۆمەڵایەتی دەکەن، لەوانەیە زۆرێ لەدەزگا ئابوورییەکانی ئێمە سەرکەوتن بەدەست بهێنن(ولأتانی جیهانی سێهەم)، بەلأم هێشتا ئەدایەك لەئاستێکی جیهانی دانیە، لەو باوەڕەدام یەکێك لە هۆکارەسەرەکییەکانی پەیوەندی بەدواکەوتووی رەفتاری کۆمەڵایەتیەوە هەیە، ئەوکۆمەڵگایانەی خوازیاری جوڵەن لەڕوانگەی ئابوورییەوە راپەڕیون دەتوانینن هەندێ تایبەتمەندیان دیاری بکەین، کە لەزۆربەی کۆمەڵگاکانی تر جیاوازن، لەو باوەڕەشدام ئەو تایبەتمەندیانە رەخساندنی پێشکەوتنی ئابووریو پشتیوانی کردنیەتی تاوەکو لەهەلو مەرجی سەخت رزگاری بێت، یەکەمو گرنگترین تایبەتمەندی لەو کۆمەڵگایانەدا رێزگرتنی کاتو سوود لێ وەرگرتنیەتی، ئەوان هانی رۆڵەکانیان دەدەن هۆشمەندانە کاتی خۆیان رێکبخەنو بەکاری بهێنن، فێری ئەوەیان دەکەن کات یەدەگێکی ماڵو داراییەو نافرۆشرێو بەکرێ نادرێو بەقەرزنادرێ. دووەم تایبەتمەندی رەخساندنی پەیوەندیە لەنێوان کۆمپانیاکانی کارو ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەو لایەنە ئەکادیمییەکانو ئەو کادیرانەی لەزانکۆو ناوەندەکانی توێژینەوەن، ئەوەش دەرفەتێکە بۆ کۆمپانیاکانی کە کار لەزۆربەی بوارەکان دەتوانن سوودیان لێ وەربگرن بۆ



پەرەپێدانی بەرهەمەکانیانو چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بەتایبەت لەبوارەکانی پیشەسازی ئەندازەیو دەرمانسازی، خوێندنی بالأ لەولأتانی پێشکەوتوو چارەسەری گیروگرفتە جۆربەجۆرەکانی بواری کارکردن دەکات، زۆرێك لەوانەی هەڵگری بڕوانامەی بەرزن لەلای ئێمە بەشداری دەکەن بەشێوەیەك لەشێوەکان لەچارەسەرکردنی گرفتو پەرەپێدانی بەروبووم لەولأتانی پێشکەوتوو پاشان واز لە پێشنیارەکانیان دێننو بە بڕوانامەوە دێنەوە ئەوانەش لەلایەن کەسانی دی پێشوازی دەکرێ، بۆ تەواوکردنی پرۆژەکانیان یان چارەسەرکردنی گرفتی دیکە، پێویستە خوازیاری ئەو توانا شاراوەیەی بەشە زانستیەکان بین کە دەتوانرێ بەرهەمێکی زۆریان هەبێ چارەسەری ئەو گرفتانە بکەن کە خێچ و خوارو بێ چارەسەرن، هەروەها لێرەدا دەتوانین شەقڵی نایاب دیاری بکەین ئەویش جێ بەجێ کردنی بنەما ئاینییەکانن لەبواری کارکردن دا لەوانە راستگۆیو دەستپاکیو دڵسۆزی لەکارکردنو ئاگاداربوون لەزیان گەیاندن بەشوێنی کارکردن ئەمەش ئەرکێکی بنچینەییە بۆ سەرکەوتن، زۆر بەداخەوە دەرکەوت بۆ شاییەکی فراوان هەیە لەنێوان ئەوەی بەکردەوە دەیکەینو لەنێوان ئەو بەها تیۆریەی کاری پێ دەکەین. لەلایەکی دیکە، تەکنەلۆژیای زانیارییەکان رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەدووبارە دارشتنەوەی ژیانی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانو سوود لەو قۆناغە پێشکەوتوو وەردەگرن، خاوەنی پلەیەکی بەرزن لەباش پەروەردەکردنی رۆڵەکانی ئەو کۆمەڵگایەو چۆنیەتی بەکارهێنانیان، تەکنەلۆژیای زانیاریەکان گرفتی نیە، گرنگترین ئامێریش ئەنتەرنێتە، کە بلأوەو لەولأتان زۆربەی توێژەکان بەکاری دەهێننو شتێکی کەمیش نیە، بەلأم ئایا دەزانین ئەنتەرنێت لەزانکۆو خوێدنگاکان بۆ سوودی زانستیو ئابووری بەکاربهێنین؟ لەوباوەڕدانیم، لەوانەیە چارەسەرێك بۆ خراپ بەکارهێنانی ئەنتەرنێت بکرێت لەلایەن توێژی لاوان، سەرەتا دەتوانین بەشێوەیەکی مەنهەجیو رێكو پێك فێری ببینو سودێکی تازە لەو وەسیلەیە وەربگرین، تایبەتمەندیەکی دی کە بۆ پەرەسەندنی ئیشو کار کارایەو لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا دەرکەوتووە، سیفەتی لەئەستۆ گرتنی بەرپرسیاریەتیو .. هتدهەیە، هەروەها پێدانی لێکدانەوەی بابەتی بۆ شکست خواردن لەبوارێکی دیاریکراوداو دانانی بەرپرسیاریەتی لەسەر ئاستی کەسانی دی، ئەو کارەش پێویستی بە ئازایەتیو راشکاوی هەیە ئەمانەش دوسیفەتی زەرورن بۆ سەرکەوتن. زۆربەی ئەو بەرپرسانەش کە هەڵە دەکەن لەسەر ئەو هەڵەیە دەڕۆنو شیکردنەوەو ئامارەکانیان زانستیو بایەتی نین، ئەو شەقڵەش پەیوەندی بەکارێکی گرنگ ترەوە هەیە کە زۆربەی ئەوانەی بەرپرسیاریەتی رەت دەکەنەوە بەرپرسیاریەتی بەکارێکی تیۆری پلانگێر لێك دەدەنەوە، لەوانەیە بەو جێگەیەش بگەن بەبێ رەچاوکردنی بنەمای هاوتایو هەلومەرجی هەڵبژاردنی ئەوەی زۆر گونجاوو بەتوانایە، ئەو سیفەتە لەولأتانی پێشکەوتووە بەردەوامەو بوونی هەیەو لەکاتێك دا دادەمەزرێ، یاخود هەڵدەسەنگێندرێ، تاوەکو پارێزگاری لەهاوسەنگیو بەرێوەبردن بکەنو لەو لایەنەوە باوەڕپێکراوبن لەولأتانی جیهانی

سێهەم(تازەپێگەیشتوو) دیاردەیەك بوونی هەیە ناودەبرێت بە دامەزراندنی سیاسی، بەوپێیە ئینتمای سیاسیو مەسەلەی هۆزگەری بەبێ پێوەرە بابەتەیەکان بۆ دامەزران لەدامو دەزگاکان ڕۆڵیان هەیە، بەتایبەت لە کارە حکومیەکان زۆرێك لە کادیرەکان بەبێ بوونی توانا دانراونو دڵسۆزن لەبەرامبەر ئەوانەی کە دایمەزراندون ناتوانرێت لێپرسینەوەیان لەبەرامبەر بکرێت بەسانای خۆ لە هەڵەو بڕیارە نالەبارەکان دەدزنەوە. بوونی دادگەری لەدامەزراندندا تەنانەت لەنێوان کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتیش دەسکەوتێکی کۆمەڵایەتی گرنگە، دڵنیای دەروونی تاكو کۆمەڵگاو درست بوونی هەستی دادگەریە لەلایان، بۆنموونە یابان قۆناغێکی گەورەی بڕیوە لەچارەسەرکردنی کێشەی خاوەندارێتی کۆمپانیاکانو بەڕیوەبردنیان لەلایەن تاکەکانو خێزان، یەکێك داهێنانێك تۆمار دەکاتو پاشان بەردەوام دەبێ لەداهێنان تا دەگاتە بنیادنانی کارگەیەکی گەورە کە هەزاران کرێکار بخاتە کار، لەدوای مردنی نابێت منداڵەکانی کەڵكو سوود لەو داهێنانە وەربگرنو بەکاریبهێنن چونکە لەوانەیە ئەوەی بەڕێوەی دەبات خراپ بێتو کۆمپانیاکە تووشی شکست بکات، ئەو کۆمپانیایانەی کە هی خێزانەکانن گرفتی گەورەی بۆ سەر کەرتێکی گەورەی کار هەیە، چیرۆکی هەواڵی ململانێ بەهۆی میراتەوەم خوێندۆتەوە کەدەبێتە هۆی کەرت بوونو لەناوچوونی کاری گەورە، لەکۆتاییدا سیفەتی کرانەوە گوزارشتە بۆ گۆڕان کەساڵ بەساڵ لەژیاندا ڕوودەدات، بەو پێیەی گۆڕان لەژیانی ئەو کۆمەڵگا پێشکەوتووانە شتێکی ئاساییەو هەمیشە پێش بینی دەکرێت لەزۆربەی کۆمەڵگاکانی دی ڕوودەدات، وەرگرتنی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو لەزۆربەی کاتدا دەوەستێتە سەر دابو نەریتو شێوازی ڕێکخستنی تازە لەزۆربەی ئیدارەکان کاتێکی زۆری دەوێتو دەتوانرێت بە تێچوونێی زۆر بێتە دی. ئەو شتانەی پێشوو خستمانە ڕوو هەموو ڕەفتارێك نیە بەڵکو شتی دیکە هەیە، هەروەها دەلالەت لەوە ناکات ئەو تایبەتمەندیانە لەکۆمەڵگای تازەپێشکەوتوو نەمابن، بەڵکو زۆر بەرەوونی دەتوانین هەستی پێ بکەین لە زۆربەی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان کۆمەڵگا دەفری ئابوورییەو خەڵك کاری تێدا دەکاتو بەرهەم دێننو کێبڕکێ دەکەن بە ئامانجی پەرەپێدانی کۆمەڵگاو بەشداربوون لە خۆش گوزەرانی بۆیە کۆمەڵگایەك کەسوود لەو بەهایانە وەردەگرێت کە لە پێشوو باسمان کردن بە تواناترن لەبەرهەمهێنانی ئابووری پێشکەوتوو بەهێز.

سەرچاوە : ئەنتەرنێت(الحوار المتمدن - العدد ١٨٨٧)

# خاڵە فەرەگۆڵچی پێشووی هەڵبژاردەی قەڵادزێ:



سازدانی: عەبدولرحمان ئەحمەد

(فەرەیدون حەسەن سەعید) کە لەناو وەرزشکارەکاندا بە (خاڵە فەرە)ناسراوە، یەکێکە لەو وەرزشکارە دێرینانەی ساڵانێکی زۆر لە بوارەکەیدا کە گۆڵچیەتی بووە لەناو یاریگادا خزمەتی کردووەو تا ئەم ساڵانەی دواییش هەر بەردەوام بووە لە پارێزگاریکردنی گۆڵەکەی، چ لەگەڵ تیپەکەیدا یاخود هەڵبژاردەی تۆپی پێی قەڵادزێو توانیویەتی چەند گۆڵچیەکی زۆر باش پێبگەیەنێو دواتر ڕووی لەبواری ناوبژیوانی یاری تۆپی پێ کردووەو تا ئەمڕۆش لەگەڵ وەرزشدا بەردەوامەوەو ئێستاش ئەندامی یانەی وەرزشی قەڵادزێ یە... بەشی وەرزشی زنار بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی ئەم وەرزشکارە چەند پرسیارێکی ئاراستەی خاڵە فەرە کردوو ئەویش زۆر بەراشکاوانە وەڵامی داوەتەوە.

زنار:سەرەتا با خاڵە فەرە باشتر بناسین

خاڵە فەرە: من ناوم(فەرەیدون حەسەن سەعید)ەو ناسراوم بە خاڵە فەرە، لەدایك بووی ساڵی ١٩٦١ی شاری قەڵادزێمو خێزاندارمو سێ منداڵم هەیە بەناوەکانی (دەشنێ، شنیار، شیان)و کارمەندم لەبەرگری شارستانی قەڵادزێ.

زنار: سەرەتا چۆن بوو ئاشنای بواری وەرزشی بووی.

خاڵە فەرە: سەرەتا وەکو هەموو وەرزشکارێکی دی لە چالاکی قوتابخانەکانەوە دەستم بەیاری کردن کردووە، لەسەرەتای حەفتاکان کە ئەوکاتە لە قوتابخانەی(ئاسۆس)دەمخوێندو بەشداری چالاکیە وەرزشیەکانم دەکرد، وەك خولەکانی تۆپی پێو سەبەتەو باڵە، ئینجا بۆ تیپە میلیەکانو دواتر بۆ هەڵبژاردەی قەڵادزێ.

زنار: بۆچی گۆڵچیەتیت هەڵبژارد

خاڵە فەرە: بەهۆی حەزوخۆشەویستیم بۆ گۆڵچیەتیو ئارەزووی یاریکردنم لەو شوێنەدا.

زنار: ئەو تیپانەی یاریت بۆکردوون کامانەن

خاڵە فەرە: لەو ساڵانەی ڕابردوودا بۆچەند تیپی وەرزشی یاریم کردووە، سەرەتا لەتیپی دووەمی مهابادو دواتر لە تیپەکانی (ڕزگاریو ئاسۆس)و دواتر (هەژار)و(ئارام) و(لاوان)و تا هەڵبژاردەی قەڵادزێو یانەی قەڵادزێ.

زنار: لەژیانی وەرزشیتدا کاریگەری کێت لەسەر بووە

خاڵە فەرە: خوالێخۆشبوو(قوبادی حەسەنی حاجی محمود)و(مامۆستا سەلامو م.عبدوڵا بیلال) زۆر کاریگەریان لەسەرم هەبووە پێموایە وەرزشی قەڵادزێ بەگشتی قەرزداری ئەو دوو مامۆستا بەڕێزەن.

زنار:پێشتر گۆڵچیەکانی قەڵادزێ کێبوون

خاڵە فەرە: ئەوەندەی من بیرم بێتو لەیاریگادا دیتومن، خوالێخۆشبوو جەمال حەمە عەلیو کاك حسین پۆرحەلیم، کاك محمودی حاجی برایم باوزیو کاك بێستون حەسەن سەعید، لەسەردەمی خۆشمدا خوالیخۆشبوو عوسمان کاکلو جەوهەرە خرە هەبوون.

زنار: ئێستا نێوانت لەگەڵ وەرزشدا چۆنە

خاڵە فەرە: **من بێ وەرزش ناژیمو تا ئێستاش وەرزشو ڕاهێنان دەکەم**

زنار: وەختێك دەیانگوت! کێ بوو گوتی پەنالتی فەرەی حەسەن سەعید!ئەمە چۆن بووە.. چۆن ڕوویداوە

خاڵە فەرە: ئەوەیان لەیاری کۆتایی خولی قەزاکاندا بوو لەیاریگای ڕانیە ساڵی ١٩٨٤ لەنێوان هەردوو هەڵبژاردەی (قەڵادزێو ڕانیە)دابوو، دوای ئەوەی کە یاریەکە گەیشتە قۆناغی یەکلاکردنەوەی پەنالتیو توانیم دوو لە پەنالتیەکان بگێڕمەوە کە یەکێکیان پەنالتی(نیازی حەمە عەزیز)بوو بووین بە پاڵەوانی خولەکە.

زنار: جگە لەقەڵادزێ لەهیچ شوێنێکی دی یاریت کردووە

خاڵە فەرە: لەکۆتایی حەفتاکاندا چەند جارێك یاریم بۆ هەڵبژاردەی ڕانیە کردووەو لەگەڵ (مامۆستا وشیار فەتاح)یش بۆ هەڵبژاردەی پەروەردەی سلێمانی داواکرام بەلام بۆم نەکرا.

زنار: جگە لە یاریکردن لەوەرزش هیچ کاری دیکەت کردووە

خاڵە فەرە: بەڵێ کاری ڕاهێنانو ناوبژیوانیم کردووە.

زنار:لەکاری ڕاهێناندا سەرکەوتوو بووی

خاڵە فەرە: لەساڵانی حەفتاکاندا ڕاهێنەری

# وەرزشی قەڵادزێ قەرزداری مامۆستایان

# سەلامو عەبدوڵا بیلالە

تیپی (ئاسۆس)بوومو تا رادەیەك سەرکەوتوو بوومو هەروەها لەکۆمەڵگەی زۆرەملێی (خەبات) سەرپەرشتیو راهێنەری تیپی وەرزشی(پشدەر)بووم کەتیپێ زۆرباش بوو لەو سەردەمەداو توانیمان ببینە پاڵەوانی دوو خولی ناوچەکە.

زنار: ئەی لەبواری ناوبژیوانیدا

خاڵە فەرە: بەڵێ کاری ناوبژیوانی تۆپی پێم کردووەو چەندین یاری تۆپی پێی بەهێزم بەرێوەبردووە.

زنار:بەهێزترین یاری کەناوبژیوانیت کردبێت

خاڵە فەرە: ساڵی ١٩٩٥ یاری نێوان یانەی (قەڵادزێو کەمال سەلیم)م بەرێوەبرد کاتێك کەمال سەلیم یاریەکەی بردەوە بە ئەنجامی (X٢سفر) گۆڵ.

زنار: گرنگترین سیفاتی گۆڵچیەتی چییە

خاڵە فەرە: پێویستە گۆڵچی نەترسێو ئازایانە رووبەرووی هێرشبەران بێتەوەو لەشو لارێکی نەرمو توانای بازدانی هەبێتو بزانێت چ کاتێك دێتە دەرەوە.

زنار:ئاستی گۆڵچیەکانی کوردستان چۆن دەبینی

خاڵە فەرە: ئەمرۆ بەهۆی ئەوەی کە وەرزش بەرەوپیشوچوونێکی گەورەی بەخۆیەوە دیوە، گۆڵچیەتیش گرنگیەکی زیاتری پێدەدرێتو لەوڵاتی خۆشماندا گۆڵچیەکان خراپ نینو زۆرباشن ئەوە نییە دوو گۆڵچی کوردستان( دیدار حامیدو سەرهەنگ موحسین) لەریزی هەڵبژاردەی عێراقن.

زنار: چی بکرێت بۆ ئەوەی لەناوچەکەدا گرنگیەکی زیاتر بە گۆڵچیەکان بدرێت

خاڵە فەرە: کردنەوەی خولی تایبەت لەلایەن کەسانی شارەزا تاوەکو بەزانستە تازەکانی وەرزش شارەزابن.

زنار: بەکام گۆڵچی سەرسام بوویت

خاڵە فەرە: لەسەرەتای ئاشنا بوونم لەگەڵ گۆڵچیەتیدا زۆر سەرسامی گۆڵچی هەڵبژاردەی سلێمانی (حەمە سیروان) بووم کە ساڵی ١٩٧٤ لە سەراوی گەرم راهێنانی پێکردووم. لە عێراقیشدا زور سەرسامی (رەعد حەمودی)و لە جیهانیشدا گۆڵچی ئەڵمانیا(شوماخەر).

زنار: وەک گۆڵچیەک لە چ یاریزانێک زۆر ترساوی

خاڵە فەرە: پێویستە گۆڵچی حساب بۆ هەموو یاریزانێکی بەرامبەری بکات بەڵام ئەوەی کە زۆر حسابم بۆی کردووەو لێی ترساوم(مامۆستا وشیار فەتاح)ی رانیە بووە کە زۆر زرنگو وریا بوو.

زنار: تا ئێستا لە لیستی رێزلێنانی وەرزشکارەکان سودمەند بووی

خاڵە فەرە: نەخێر.. بەداخەوە منو زۆرێك لە وەرزشکارانی ماندووی ناوچەکە بێ بەشین کە مافی خۆشمانە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە لیژنەی رێزلێنانەکە لەسەر بناغەی بەرژەوەندیو واستە کارەکانیان دەکەنو رەچاوی ماندوبوون ناکەن ئێمە لەدەرەوەی ئەوکەسانەین کە موچەی رێز لێنانیان هەیە.

دەگووتو خەریك بوو تووشی کێشە بین لەناو یاریگای (شەعب)دا بە(فرقە باو باو) ناسراینو بەوناوە بانگیان دەکردین.

زنار: یادەوەریەکی وەرزشی گەر لەیادت مابێ

خاڵە فەرە: ساڵی ١٩٧٤ کە ئاوارەی ئێران بووین، تیپێکمان دروستکردو یاریمان دەکرد، لەیەکێك لە یاریەکاندا تیپێکی سلێمانی لە(سەراوی گەرم)پەنالتیەکی (حەمەی عەبۆل)م گێرایەوە کە زۆر



زنار: باشترین یاری کە ئەنجامت دابێت

خاڵە فەرە: باشترین یاری کە ئەنجامم دابێت هەمان ئەو یاریەیە کە ساڵی ١٩٨٤ لە یاری کۆتایی خولی قەزاکاندا لە رانیە ئەنجامامان داو توانیمان یاریەکە ببینەوە بە لێدانی پەنالتیو ببینە یەکەمی خولەکە.

زنار: ئەی خراپترین یاریو ناخۆشترین کات

خاڵە فەرە: لەو یاریەدابوو کە میواندارى هەڵبژاردەی (کۆیە)مان کرد، لە ساڵی ١٩٨٢ یاریەکەمان دۆڕاند بە ئەنجامی (X٣ن٢) گۆڵ.

زنار: دەڵێن کاتی خۆی لەبەغدا ناویان ناون ا فرقەی باو باوئەمە چۆن بووە

خاڵە فەرە: سای ١٩٨٨ لەگەڵ کۆمەڵێك لە یاریزانانی هەڵبژاردەی قەڵادزێ چووین بۆ بەغدا بەسەیری یاری نێوان هەڵبژاردەی (عێراقو قەتەر)، ئەوە بوو ئێمە لایەنگیری قەتەر بووینو کە قەتەر گۆڵی بەرامبەری لەعیراق دەکرد لەخۆشیان هاوارمان دەکردو گۆرانی (بەو بەو بەو باوانم)مان

بەلامەوە گرنگ بوو، چونکە ئەوکاتە ئەم یاریزانە باشترین یاریزان بوو لە سلێمانی.

زنار:ئەگەر گوڵێکت بەدەستەوەبێ پێشکەشی کێی دەکەیت.

خاڵە فەرە: پێشکەشی هەموو ئەو کەسانەی دەکەم کە خزمەتی وەرزشی شارەکەم دەکەن، لە ئیستاداو هەموو ئەو کەسانەی کە لەکۆندا خزمەتیان کردووە.

زنار: ئەگەر کارتێکی سورت پێبێ بەرووی کێدا بەرزی دەکەیەوە

خاڵە فەرە: بەرووی هەموو ئەو کەسانەدا بەرزی دەکەمەوە کە وەرزش ناشیرن دەکەنو دەبنە هۆکاری دواکەوتنی وەرزش لە ناوچەکە.

زنار: خاڵەگیان لەکۆتاییدا سوپاس ئێمە هیچمان نەما

خاڵە فەرە: منیش زۆر سوپاستان دەکەمو سوپاسی گۆڤاری زنار دەکەم بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیە.. سەرکەوتووبن.

# کریستیانۆ رۆناڵدۆدیارو کوڕە زێڕینەکەی پۆرتوگال

ئا/ عبدالرحمن ئەحمەد

یەکێك لەیاریزانە لێهاتووەکانی تۆپی پێی ئەمڕۆ لەجیهاندا(کریستیانۆ رۆناڵدۆ) یە کە بە(کوڕە زێڕینەکە) ناسراوەو یاریزانی یانەی (مانشستەر یونایتد)ی ئینگلیزی‌و هەڵبژاردەی پورتوگالە. کریستیانۆ رۆناڵدۆ لەیەکێك لە دورگە بچوکەکانی پورتوگال لەدایك بووەو لە٥/٢/١٩٨٥کە ناسراوە بە دورگەی (مادێرا) بەهۆی خۆشویستن‌و سەرسامی زۆری باوکی بەسەرۆکی ئەمریکای پێشوو ( رۆناڵد ریگان) ئەوناوەی بۆ کوڕەکەی هەڵبژاردووە، بۆئەوەی لە ئایندەدا ببێتە نموونەیەکی زیندوو خاوەن کەسایەتیەك لە وڵاتەکەی. هەر لەمنداڵیەوە حەزی لەیاری تۆپی تۆپی پێ‌و باشترین یاریزانی جیهان لەناخیدا چەکەکرەی کردووە، بەتایبەت لەو دورگەیەی کە لێی دەژیان دورگەیەکی کشتوکاڵی بوو و زۆریش گونجاو بوو بۆ یاریکردن‌و خەڵکی ناوچەکەش تۆپی پێیان خۆشدەوێت.کاتێك تەمەنی گەیشتە (١٣ - ١٤)ساڵان وەك یاریزانێکی زرنگ‌و لێهاتوو دەرکەوت‌و لەو تەمەنەدا بوو بە یەکەمین کەسێك کە چاودێری بکرێت لەناوچەکەدا لەلایەن یانەکانی پورتورگالەوە، چونکە باشترین یاریزانی دورگەکەبوو توانای ئەنجامدانی هەموو هونەرەکانی تۆپی پێی هەبوو، یەك بەیەکی یاریزانەبەرگریکارەکانی دەبڕی، بۆیە خەڵکی ناوچەکە زۆر سەرسامی بوون‌و بەوچاوەوە سەیریان دەکرد کە بەهرەمەندێکی تازەیە لەناوچەکەیانداو بۆ وڵاتەکەیان. دوای دەرکەوتنی یانەکانی ( پۆرتۆو بواڤێستا ) کەدوو یانەی بەناوبانگی پورتوگالین، لەهەوڵی دەستەبەرکردنیدا بوون بۆ ریزی تیپەکەیان، بەڵام باوکی بەهیچ جۆرێك رازی نەدەبوو و دەیگوت: دەبێت لەگەڵ ئەو یانەیەدا یاری بکات کەلە منداڵیەوە گرتوویەتەخۆی. هەربۆیە هەر یانەیەك کە هەوڵی داوە موڵکی زۆر سەرسامی ئاستی لێهاتوویی بووە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەم تەمەنە بچوکەو گەشەی عەقڵی‌و جەستەیی رۆناڵدۆ، بەڵام دواتر پەیوەندی کرد بەیەکێك لەیانە بەهێزەکانی پورتوگال کە یانەی (سپۆرتینگ لەشبۆنە) لە ساڵی ٢٠٠٢داو لەیەکەمین یاری لەگەڵ تیپە نوێیەکەیدا دژی یانەی ( مۆریرینس) توانی دووگۆڵ تۆماربکات، لەیەکەمین یاری فەرمیداو بەمەش خەونێکی گەورەی هاتەدی‌و لەلایەن هاندەرانەوە خۆشەویست بوو وای لێهات هەست بە متمانەیەکی زۆر بکات‌و دواتریش گۆڵێکی لە یانەی (بواڤێستا) تۆمارکرد کە یەکێکە لە تیپە بەهێزەکانی ئەو وڵاتە.

★( لەگەڵ یانەی لیڤەرپول)




کاتێك تەمەنی بووە (١٦) ساڵان لەلایەن یانە بەناوبانگەکانی ئەورووپاوە کەوتە ژێر چاودێریەوە بەتایبەتی یانەکانی ( لیڤەرپول )ی ئینگلیزی‌و (یۆڤنتۆس )ی ئیتاڵیاو بۆماوەی یەکساڵ پەیوەندی بەیانەی لیڤەرپوڵ کرد، دوای ئەوەی لە پاڵەوانێتی ژێر تەمەنی(١٧) ساڵ توانی رۆڵی زۆر باش‌و بەرچاو بگێڕێت‌و دەڵێت: زۆرخۆشحاڵم کە لە یانەیەکی گەورەی وەك لیڤەر پوڵ یاری دەکەم. لەوساڵەدا ئاستێکی بەرزی نیشاندا لەگەڵ یانەکەیداو بەتایبەتی لە یاریەکانی خولی پلە نایابەکانی ئینگلیزیداو دەرەنجامەکانیان دڵخۆشەکەربوون‌و دواتر ئەو ساڵە گەڕایەوە بۆ یانەکەی‌و لەدوایین یاری کە کۆتایی یاریەکانی بوو لەخولی پورتوگالدا دژی یانەی(پۆرتۆ)ی ئەنجامداو لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکەی (ریکاردۆ کواریزما) کە ئەویش ئەستێرەیەکی تۆپی پێی پورتوگالەو بەئایندەی تیپەکەیان دادەندرا، بەڵام فشارێکی زۆریان لەلایەن یانە بەهێزەکانی ئەوروپا لەسەربو تا دواجار لەبەرامبەر پارەدا یانەکەیان جێهێشت‌و سەرەتا کوارزیما پەیوەندی بەیانەی (بەرشلۆنە )ی ئیسپانیاکردوو دواتریش کریستانۆ رۆناڵدۆ چووە یانەی (ماشستەر یونایتد)ی ئینگلیزی بۆماوەی دووساڵ لە بەرامبەر (١٢,٢٤ )ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی هەرچەندەئەو رێککەوتن نامەیە لەلایەن زۆرێك لەچاودێرانەوە بەترسناك دەبیندرا، چونکە تەمەنی ئەو یاریزانە لەبەرامبەر ئەو بڕە پاریەدا زۆر بچووکە.

★لەگەڵ (مانشستەر یونایتد) شەشە رۆژ پێش چوونی رۆناڵدۆ بۆ یانەی ماشستەر لەیاریەکی دۆستانەدا لەنێوان( سپۆرتینگ لەشبۆنە)و مانشستەردا کە ئەنجامدرا توانی لەو یاریەدا ئاستی راستەقینەی خۆی نیشان بدات‌و هۆکاری بردنەوەی یاریەکە بووکە بە ئەنجامی (١X٣)گۆڵ دوای تەواو بوونی یاریەکە سەرجەم یاریزانانی ماشستەر سەبارەت بە ئاستی ئەو یاریزانە لاوەقسەیان کردوودواتریش پێشنیاری کڕینی رۆناڵدۆیان خستە بەردەم (سێر ئەلیکس فیرگسۆن) چونکە چەندیانەیەکی دیکەش لەکێبەرکێ‌و کڕینیدابوون. لێرەدا بیرۆکەی دەستەبەرکردنی ئەویاریزانە دروست بوو تالە ١٢ی ئابی ٢٠٠٣ دا پەیوەندی بەیانەی شەیتانەسورەکانەوە کردوو دریسی سوری ئەو تیپەی لەبەر کرد، لەیەکەمین دەرکەوتنی لەگەڵ مانشستەردا دژی یانەی( بۆڵتۆن) بوو دوای ئەوەی لە خولەکی (٦٥)ی یاریەکەدا هاتە ناو یاریگاو جەماوەریش لەناویاریگای ( ئۆڵد ترافۆرد) زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێکردوو، زۆرچالاکانە یاریەکەی ئەنجام داو بوو بە پاڵەوانی شەیتانە سورەکان، چونکە لەو یاریەدا توانی دوو گۆڵ درووست بکات‌و پەنالتیەکیش دەستەبەر بکات، بۆ رۆژی دواهاتوو سەرجەم راگەیاندنەکان‌و میدیا وەرزشیەکان ئەو وڵاتە بەمانشێتی گەورە لەسەر رۆناڵدۆیان نووسیبوو، وایان باسدەکردن کە یەکێك لە باشترین یاریزانەکانی مانشستەر، هەروەها بەشێوەیەك کەوتە بەرچاوی راگەیاندنەکان کە بەراوردی بکەن لەگەڵ ئەفسانەی تۆپی پێی شەیتانە سورەکاندا (جۆرج بیست)و رۆژ بەرۆژ توانای یاریکردن‌و باشتر دەبوو توانی لەو ساڵەدا یانەی مانشستەر بگەیەنێتە یاری کۆتایی کاری ئینگلتەراو لە یاری کۆتاییدا بەسەر یانەی (میلوال)دا سەربکەوێت بە ئەنجامی(٣به ٠ ) گۆڵ‌و یەکێك لە گۆڵەکانیشی تۆمارکرد، دوای ساڵێك یاریکردن لەگەڵ مانشستەردا زیاتر لێهاتووی دەرکەوت‌و بووبەیاریزانی سەرەکی هەڵبژاردەی یەکەمی پورتوگال‌و تەنانەت لەکاسی ئەوروپای ٢٠٠٤دا بەرزترین ئاستی نیشانداو توانیان بگەنە یاری کۆتایی ئەم پاڵەوانێتیە، هەرچەندە

پورتوگال شایستەی بردنەوەی جامەکەبوو بەلاّم لەهێرشێکی پێچەوانەدا هەڵبژاردەی (یۆنان) تاکە گۆڵی یاریەکەیان تۆمارکردو بوونە پاڵەوانی جامی ئەوروپای ٢٠٠٤. هەروەها لەهەمان ساڵدا بۆهەڵبژاردەی ئۆڵمپی وڵاتەکەی هەڵبژێردرا لە(ئەسینای ٢٠٠٤) سەرەڕای بێ ئاکام بوونی لەو خولەدا،بەلاّم هەموو سەرنجەکان لەسەر ئەو ئەستێرە بچووکە بوون کەدواتر دەرکەوت یەکێکە لەبەهرەمەندەکانی پورتوگال.

★( جامی جیهانی ٢٠٠٦)

پێش دەستپێکردنی مۆندیالی ئەڵمانیای٢٠٠٦ چاوەڕوانی ئەوەدەکرا، کە هەڵبژاردەی پورتوگاڵ بگاتە چوارگۆشەی زێڕین ئەویش بەهۆی بوونی چەند یاریزانی باش‌و لێهاتووی وەك کریستیانۆ رۆناڵدۆ بەتایبەتی کە بورتوگال لە گروپێکدابوو کە (ئیران‌و ئەنگۆلاو مەکسیك)ی لەگەڵدا بوو ... لەیەکەمین دەستپێکی یاریەکانی بورتوگالدا رۆناڵدۆ توانی گۆڵێك لەهەڵبژاردەی ئیران تۆماربکات‌و زۆر سەرکەوتوانە توانیان بگەنە قۆناغی دووەم‌و رووبەڕوی هەڵبژاردەی هۆڵەندای بەهێز بوونەوەو لەم یاریەدا کە کریستانۆ توانی هەموو توانای خۆی بخاتە گەڕ بەمەبەستی بردنەوەو توانیان یاریەکە ببەنەوە بە ئەنجامی( ١Xسفر) گۆڵ‌و تەنانەت توشی پێکانیش هات دوای ئەوەی کە لەگەڵ یاریزانی بەرگری هۆڵندا (خالید بەلحروس) بەیەکدا کەوتن . وەلە قۆناغی شەشەمی پاڵەوانێتیەکەدا رووبەڕووی هەڵبژاردەی (ئینگلتەرا ) بوونەوەن هەرچەندە لەیاریەکەدا هیچ گۆڵێك تۆمارنەکرا، بەلاّم بورتوگالیەکان یاریەکەیان بردەوە لە ئەنجامی یەکلاکردنەوەی پەنالتی‌و کۆتایی کریستیانۆ رۆناڵدۆ گەیاندنیە یاری پێش کۆتایی دواتر میدیاکانی بەریتانیا زۆر سەرزەنشتیانکرد سەبارەت بەورەفتارەی کە بووە هۆی کردنە دەرەوەی (واین رۆنی) دوای ئەوەی کە رۆنی لەیاریزانی بەرگریکاری بورتوگالی (ریکارۆ کارڤالیۆ)ی داو رۆناڵدۆش بەراکردن‌و بۆماوەی (٤٠) مەتر بەرەو ناوبژیوانی یاریەکە چوو بۆ ناڕەزایی دەربڕین‌و ئاگادارکردنەوەی ناوبژیوان‌و داوای کرد کە رۆنی یاریزانی هەمان تیپ (مانشستەر) بکرێتە دەرەوەو لەکۆتاییدا رۆنی کرایە دەرەوەو لەیاری پێش کۆتایی دا رووبەرووی هەڵبژاردەی کەڵەشێرەکانی فەرەنسا بوونەوەو بەگۆڵێکی زێنەدین زێدان بە فەرەنسا دۆڕان‌و خەونە گەورەکەی کرستیانۆ نەهاتەدی بەبردنەوەی جامی جیهانی‌و دواتریش لە یاری دیاریکردنی پلەی سێیەم‌و چوارەمدا رووبەرووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیای خاوەن یاریگا بوونەوە... ئەم یاریەو ئەنجامەکەی بۆ رۆناڵدۆ زۆرگرنگ بوو، تا بیسەلمێنێ کە باشترین یاریزانی لاوی مۆندیالە، ئەوە بوو هەموو هەوڵێکی خۆی دا بەلاّم لەکۆتاییدا یاریەکەیان دۆڕاند بە( ١X٣)گۆڵ‌و نازناوی باشترین یاریزانی لاویش بە یاریزانی ئەڵمانیا (لۆکاس بۆدۆلسکی) بەخشرا لەبەر ئەوەی لیژنەی هەڵسەنگاندنی پاڵەوانێتیەکە هەڵسوو کەوت‌و رەفتاری رۆناڵدۆی بەسلبی وەرگرت‌و هاوکارنەبوو بۆ دەستەبەرکردنی ئەم جۆرە خەلاّتانە. لەمڕۆشدا ئەم کوڕە زێڕینە بەیەکێك لە باشترین یاریزانانی جیهان دادەندرێت‌و پاڵێوراوێکی سەرەکی باشترین یاریزانی ئەوروپاو جیهانە بۆ ساڵی ٢٠٠٧.

سەرچاوە: الموسوعە الحرە




لەبری (جیهانی کاریکاتێری) ئەم ژمارەیە

## جیسیکاو فلیمێکی تازە



ئە ستێرەی سینەماجیسیکا سیمسون خۆی ئامادە دەکات بۆ بینینی رۆڵ لە فیلمێکی تازەدا کە لە دەرهێنانی ستیف ماینەرە بەناوی(ئەستێرە)و چیرۆکی فلیمەکە بریتیە لە کە کچێکی تازە پێگەیشتووی سینەما دەیەوێت لە رێگای کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانەوە ببێتە ئەستێرەیەکی سینەمایی بەلام دواتر بۆی دەردەکەوێت کە هەڵەیەکی گەورەی کردووە دەیەوێت پەشیمان ببێتەوە بەلام خۆشەویستی بۆ کارەکەی و ولاتەکەی هانی دەدات لەسەر کارکردن بەردەوام بێت.

## راسل کرو خۆی بۆ بەرهەمهێنانی یەکەم فلیم ئامادە دەکات



ئەستێرەی سینەما هۆلیوۆد راسل کرۆ کە لە فلیمی(گلادیاتۆر) ناوبانگێکی بێ وێنەی پەیدا کرد خۆی بۆ بەرهەمهێنانی یەکەم فلیم ئامادە دەکات لە رێگەی ئەو کۆمپانیایەی دایمەزراندوە بەناوی(فیر ئۆف گود)و بەنیازە نۆبەرەی کارەکانی بەناوی ( دۆلتشیز ئینفرنۆ)بێت کە لە سیناریۆی مارك ستۆفەرە، ئەم فلیمە بیرۆکەکەی بریتیە لە ژیان کەسێکی خەڵکی لۆس ئەنجلۆس کە بەهۆی زۆر بڵێی خۆیەوەو قسەو قسەلۆکەوە ژیانی خۆیو شێوازی ژیانی خۆی تێکدەداتو دەشێوێنێ.لەوبارەیەوە کرو دەڵێ( زۆر حەز بەکارکردن لەگەڵ ستۆفەر دەکەم، ئەو خاوەن بەهرەیە).

## نەبیلە عوبێید لەدەرەوەی کێبرکێیە



بۆ مانگی رەمەزانی ئەمساڵو زنجیرە تەلەفزیۆنیەکانی ئەم بۆنەیە ئاینەنیەی کە سالانە هونەرمەندە عەرەبەکان خۆی بۆ ئامادەدەکەن بەهۆی ئەوەی زۆرترین رێژەی بینەر لەو مانگەدا دەیانبینێت،بەلام وادیارە ئەستێرەی سینەمای میسری خاتوو نەبیلە عوبێد لە دەرەوەی بازنەی گرنگی دانی دەرهێنەرەکاندایە. ئەویش بەهۆی دواخستنی ئەو زنجیرە تەلەفزیۆنیە کە ناوبراورۆڵی تیجدا دەبینیو بۆ ئەو مانگە ئامادەدەکرا بەلام دواخستنەکە ئومێدی پیشاندانی نەهێشت.

## جنیفەر جودوین یەکێك لە ستافی فلیمی یاساکانی جوڵەیە

جنیفەر جودوین رازیبو کە هاوشانی ماسیو بیرو هیلاری سوانكو بین فۆستەر بەشداری لە فلیمی کۆمیدی یاسای جوڵە(laws of motion) بکات، چیرۆکی ئەو فلیمە بریتیە لە کەسێك کە بیری رۆڵەکەی دەبینێو ژنی هەیە بەلام کێشەی لەگەڵ خوشكو برایەکەی هەیەو جودوین رۆڵی خوشکەکە دەبینێ. شایانی باسە ئەو فلیمە لە ویلایەتی کینتێکت وێنە دەگیرێ.

## شیرین لوبنای خۆش دەوێت



هونەرمەندی دەنگخۆشی میسری شیرین عەبدولوەهاب رایگەیاند کە ئەو زۆر ئاسوودەو دڵخۆشە بە ژیانی لە لوبنان چونکە پێیوایە ئەو رێزو خۆشەویستیەی لە لوبنان لێیگیراوە لە ولاتی خۆی لە میسر لێیان نەگرتووە کە شاسیتەی بووە، شایانی باسە هونەرمەندی ناوبراو ئێستا سەرقاڵی دەرهێنانی ئەلبومێکی تازەیەو نیازی وایە هاوینی ئەمساڵ بیخاتە بازارەوە.

# ژمارەیەکی پیوانەیی لەژێر ئاودا



هێربرت نیتشی نەمساوی تەمەن ٣٧ ساڵ توانی ژمارەیەکی پیوانەیی لەچوونە ژێر ئاودا تۆماربکات کە توانی بە قوڵایی ١٨٥ مەتر دابەزێتە ناو ئاو. ئەو جۆرە وەرزشە بە یۆنانی پێیدەڵێن (نقوم بوون تا نەمانی هەناسە)و یاریزان لەو کاتەدا تا بتوانێت هەناسەی خۆی بگرێت دادەبەزێتە قوڵایی ئاوەوە جا لە دەریا بێت یاخود دەریاچەکان. شایانی باسە ناوبراو ماوەی چوار دەقیقەو شەست چرکەی پێچوو بە بی هەناسەدان.

# ئەمریکیەك بەر لە ئیعدامکردنی یاریەکی نوکتەبازی ساز دەکات

باتریك نایتی خەڵکی تەکساسی ئەمریکی کە بریار وایە لە ٢٦ / ٦/٢٠٠٧ ئیعدام بکرێت یاریەکی لە نوکتە بازی لەسەر تۆری ئینتەرنێت سازکردو بەڵێنی ئەوەی داوە جوانترین نوکتەی لێهەڵبژێری و لە رۆژی ئیعدامکردنی کاتێك لە دوا داواکاری لێیدەپرسن بۆ جەللادەکانی بڵێتەوە. ناوبراو کەبەهۆی رفاندنی ژن و مێردێك و کوشتنیان لە ساڵی ١٩٩١ بە ئیعدام حوکمدراوە لە دوا رۆژەکانی ژیانیدا ئەو بیرۆکەیەی بۆ هاتو خەڵکێکی زۆریش بە هەزاران نوکتەیان بۆسەر پێگەی ناوبراو لەسەر تۆری ئینتەرنێت ناردووە. لە دیدارێکیشدا کە کەناڵی(سی.ئێن.ئێن) لەگەڵی سازکرد چەندین نوکتەی بۆ بینەران گوت.

# کۆمەڵەیەکی میسری بۆ نەهێشتنی ماچ

سەرەتا وەکو جۆرێك لە گاڵتە دەهاتە بەرچاو بەڵام بەرەبەرە دەرکەوت کە راستیە، خاوەنی بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵە(کۆمەڵەی نەهێشتنی ماچکردن) دکتۆرێکی منداڵانی میسریە بەناوی( عادل عاشور). دوای ئەوەی ڤایرۆسی نەخۆشی ئەنفلوەنزای باڵندە لە میسر بڵاوبووە دکتۆری ناوبراو پێی وایە کە ئەو ڤایرۆسە لەرێگەی پژمین و هەناسەدانەوە بڵاودەبێتەوەو ماچکردنیش هۆکارێکی خێرای گواستنەوەی ئەو ڤایرۆسەیە لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی دیکە.دکتۆر عاشور رایگەیاند(هەرچەندە لەلایەن زۆر لە خەڵکیەوە گاڵتە بەو بیرۆکەیە کراوە، بەڵام



چینی رۆشنبیر لە میسر مەسەلەکەیان بەجددی وەرگرتووە بە تایبەت زۆربەی جاران ئێمە نازانین ئەو کەسەی ماچی دەکەین نەخۆشە یاخود نا) هەروەها دکتۆر رایگەیاند( جگە لە ژن و مێردو سیاسیەکان ﴿وادیارە ئەوان زۆر یەکتر ماچ دەکەن﴾ منداڵان بەپلەی یەکەم دێن لە ریزبەندی زیانلێکەوتوانی ئەم جۆرە رەفتارە).

# زیندانیەك لەسەر بانی زیندان بە خەتوویی دۆزرایەوە

دوای ئەوەی ٢٤ کاتژمێر بەسەر دیارنەمانی تێدەپەرێ و لە کاتێکدا تەواوی پۆلیسی ئەو ناوچەیە بەدوایدا دەگەرێن راجو حاجی تەمەن ١٩ ساڵ بە خەوتوویی لەسەر بانی زیندانەکەی دۆزرایەوە، بی دی شارما بەرپرسی پۆلیسی ئەوشارە گووتی دوای دیارنەمانی ناوبراو ئاژێری ئاگادار کردنەوەمان لێداوەو کون و کەلەبەری ئەو ناوچەیەمان لێکرد بە بێئەوەی بیدۆزینەوە تا کاتێك پاسەوانەکان هەستیان بە جوڵە جوڵێك کرد لەسەر بانی زیندان کە چووین دەبینین خۆیەتی و لە پرخەی خەودایەو کاتێك بەخەبەمان هێنا زۆر بەلایەوە سەیر بوو ئەو هەموو پۆلیس و چەکە بەسەر سەریەوە وەستاون.

# کێبرکێیەك بۆ تێکدانی ژووری هوتێل



زنجیرە هۆتێلەکانی(ئێن. ئێچ)ی بەناوبانگی ئیسپانی کێبرکێیەکی بە مەبەستی دەرکردنی ماندوویی و هیلاکی بەرێوەبەرانی هۆتێلەکانی سازکرد کە بریتیە لە تێکدانی ژوورەکانی هۆتێلەکە لەسەر شێوازی ئەستێرەکانی مۆسیقای رۆك، خاوەنی ئەو زنجیرە هۆتێلە رایگەیاند کە چەند پسپۆرێکی دەروونی دەستنیشان کردووە بۆ هەڵبژاردنی سی لەو بەرێوەبەرانە بۆ تێکدانی ١٤٦ ژوور کە هەریەکەیان چەکوشێکی تەختەو کڵاوێکی لەسەر دەبێت بۆ ئەنجامدانی کارەکەی و رۆژی ٣ /٧ /٢٠٠٧ بۆ ئەم کارە دەستنیشان کراوە.

# ئاشنابونێك بەMicrosoft Word 2007

٣




لەدوو ژمارەی رابردوودا ئاماژەمان بەچەند لایەنێکی سەرەکی بەرنامەی Word 2007 کرد. لەم ژمارەیەدا هەوڵ دەدەین ئەرك و شێوازەکانی Tab و گروپەکانی بەرنامە بناسێنن، چونکە شێوازی رێکخستن و دیزاینکردنی ئایکۆنەکان لە Word 2007دا زۆر زیاوازە لەگەڵ رێکخستنی فەرمان و ئایکۆنەکانی بەرنامەی Wordلە ڤێرژنەکانی پێش ئەم ڤێرژنەی کە ئێستا ئێمەی قسەی لەبارەوە دەکەین.

## Tab

Tab رێکخستنی فەرمان و ئایکۆنەکان لە Word 2007 دا بەگوێرەی ژمارەیەك Tab رێکخراوە کە ئەم بەشانەش لە ژمارەیەك گروپ پێکهاتوون.

جۆری تابەکانیش لەحاڵەتی ئاساییدا پێکدێن لە: (Home, Insert, Page Layout, References, Mailings, Review, View)

تابەکان لەحاڵەتی ئاساییدا بۆ یەکەم جار کە بەرنامەکە دوای دابەزاندن دەکەینەوە، جیا لەناوی تابەکان ئەوا هیچی دیار نییەو وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە دەردەکەون.




وەك لە وێنەکەدا دیارە هیچ ئایکۆنێك یان فەرمانێك دەرنەکەوتووە. تەنیا ناوی تابەکان نەبێت.

کاتێك کە بمانەوێت سود لە فەرمانەکانی یەکێك لە تابەکان وەربگرین، یەك کلیك لەسەر ناوی تابەکە دەکەین بەم جۆرە گروپەکان و ئایکۆنەکان دەردەکەون.




لەم حاڵەتەدا دەتوانین هەر فەرمانێمان بوێت بەکاری بهێنین دوای ئەوەیش کە کار سەری ماوسەکەمان خستەوە سەر پەیجەکە دەستمان کردووە بە کاری نوسین ئەوا گروپەکانی ئەو تابەی کە دەرکەوتبوون دیار نامێنت، دیارە بۆ بەکارهێنانەوەی گرپەکان دەبێت هەمان کار بکەینەوە.

بەڵام ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەکی بەردەوام گروپەکان و ئایکۆنەکان دەربکەون، ئەوا دەبڵ کلیك لەسەر ناوی تابەکان دەکەین بەم جۆرە گروپ ئایکۆنەکان




بەشێوەیەکی بەردەوام دیار دەبنو لەکاتی نوسین و کارکردندا لەبەر دەستماندا دەبن.

## گروپەکان Group




هەر یەکێکیش لە تابەکان لە ژمارەیەك گروپ پێکدێن کە ئەو گۆپانەش چەند فەرمان ئیکۆنێکی لەیەکەوە نزیکی تێدا دانراوە بەهۆیانەوە فەرمانەکانی ناو بەرنامەکە جێبەجێ دەکەین.

ئایکۆنەکانی ناو هەر گرپێك بە گوێرەی نزیکیان لە یەکەوە کۆکراونەتەوە ناوی هەر گروپەیش لەبەشی خوارەوەی گروپەکەدا دەنوسرێتو بە چوارشێوەیەکی کەمێ بارزیش گروپەکان لە یەکتر جیا کراونەتەوە، بۆ نمونە وەك لە وێنەکەی سەرەوەدا دیارە گروپی Font لە ژمارەیەك ئایکۆن بۆکس فەرمان پێك دێت کە بەکشتی کار لەسەر Font دەکەنو گروپەکانی تریش بەهەمان شێوە.

کاتێکیش کە دەمانەوێت کاری زیاتر لەو گرووپەدا بکەین، وەك نمونە، ئەگەر بمانەوێت کاری زیاتر لەسەر نوسین و فۆنت بکەین، ئەوا لە هەمان گروپدا لەبەشی خوارەوەدا کلیك لەسەر ئەو سەهمە بچوکە دەکەین کە دەکەوێتە گۆشەکانی خوارەوەی لای راستی هەر گروپێك.



بەم جۆرە ویندۆیەکی نوێ دەکرێتەوە کارەکانمان جێبەجێ دەکەین.

# ده هەزار سایتی ئیتالیا دەکەوێتە دەست هاکەرەکانەوە



لەو هێرشە هاکەرییەی کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کراوەتە سەر سایتەکان، نزیکەی ٪٨٠ ی ئەو سایتانە لە وڵاتی ئیتالیا بوون، کەبەگشتی نزیکەی دە هەزار سایتی ئەو وڵاتە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک کەوتونەتە ژێر کۆنترۆڵی هاکەرەکانەوە.

لەراستیدا سەرنجی ڕاکێشی ئەم کارە هاکەرییە دەگەڕێتەوە بۆ فراوانی ئەو سایتانەی کە هاکیان کردووە، گەرچی لەلایەنی تەکنیکەوە هەر بە هەمان تەکنیکە کۆنەکان کار کراوە.

لەم لایەنەوە لێپرسراوان لە خەڵکیان مەترسییەکانی ئەم کارە ئاگادارکردۆتەوەو پێیان ڕاگەیاندوون کە بۆ ماوەیەک خۆیان بەدور بگرن لە جێبەجێکردنی کاروباری ڕەسمی لەرێگای ئینتەرنێتەوە. بەتایبەت معامەلەی بانکی.

# ئانتی ڤایرۆسی خۆڕایی بۆ مۆبایل




کۆمپانیای (Grisoft) بەم دواییانەدا هەستا بە دروستی دروستکردنی ئانتی ڤایرۆسێک بۆ ئەو مۆبایلانەی کە بەستراونەتەوە بە هێڵی ئینتەرنێتەوەو لە ڕێگایەوە لەسەر ئینتەرنێت کاریان پێدەکرێت. ئەم ئانتی ڤایرۆسە بە ناو (AVG Mobile Security) و بێ بەرامبەر دەدرێتە بەکارهێنەر.

ئەم ئانتی ڤایرۆسە جیا لە بەرگرتن بە ڤایرۆسەکان، ئانتی سپامیشە کە ڕێگا دەگرێت لە گەیشتنی سپامیشەکان لە ڕێگای sms ی یان کورتە نامە.

ئەم پرۆگرامە کە سەرەتای کارییەتی، ئێستا تەنیا پشتیوانی لە مۆبایلەکانی جۆری Symbian UIQ 3.0, Sony Ericsson, P٩٩٠i, M٦٠٠i, W٩٥٠i دەکات و لە هەوڵدایە کە ئەم پرۆگرامە لەماوەیەکی نزیکدا وا لێبکرێت پشتگیری لە جۆری مۆبایلەکانی تریش بکات.

ئەوەی شایانی وتنە کە هێرش کردن بۆ سەر مۆبایلەکان لەچاو هێرشکردن بۆ سەر بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەسەر کۆمپیوتەرەکان زۆر کەم و لەوە لەخواروەوەیە. بەڵام لەئێستا نزیکەی ٣٥٠ جۆری ڤایرۆس هەرەشە لە مۆبایلەکان دەکەن و ئەم ژمارەیەک ڕۆژ بەدوای ڕۆژ زیاد دەکات. بەتایبەت کە مۆبایلەکان بەهۆی کورتە نامەوە، ئەگەری هەڕەشەکانیان لە زیادبونداییە.

بۆ داگرتنی نوسخەی سەرەتایی ئەم ئانتی ڤایرۆسە سەردانی ئەم لینکە بکە:

http://www.avguk.com/doc/٦٨٣٦١/uk/crp/www.avg.com

# هاکەرەکانیش مرۆڤن

لەوانەیە وشەی هاکەر لە کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت دا ناشیرینترین وشە بێتو سڵمینەوەیەک دروست دەکات کە نزیکترین کەسو ئازیزیشیان سیقەو بڕوایان پێنەکات. هەمشە هاکەرەکان بە کەسانی بێ هەست، بێ پرنسیبو کەسانی وا ناسراون کە خراپترین کار دەکەنو هیچ هەستێکیان لا دروست نابێت کە بڕوا بەوە بێنن ئەوەی دەیکەن کارێکی هەڵەیە.

بەڵام چیرۆکی گەنجێکی پرۆگرامەر بەناوی ترای هارسۆنی تەمەن ٢٩ ساڵ شتێکی جیاوازترمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەم گەنجە دوای ئەوەی ماوەی حەوت ساڵ سەرقاڵی دانانو دەستکاریکردنی ئەو بەرنامانە دەبێت کە کار لەسەر مۆزیکو دەنگ دەکەن، ڕۆژێک لەناکاو لەبازاڕدا دەبینێت کە بەرنامەکەی هاک کراوەو بەنرخێکی زۆر کەم دەفرۆشرێت، ئەمە بێتاقەتی دەکاتو بیر لەوە دەکاتەوە کە بەرەنگاری ئەم کارە بێتەوە، ئەو دەزانێت تا ئێستا سەرکەوتن بەسەر هاکەرەکاندا زۆر قورس بووە، نایەوێت بەو شێوەیە دژایەتیان بکات کە ئێستا دەکرێت، بۆیە بیر لە ڕێگاچارەیەکی تر دەکاتەوە.

ناوبراو ئیمەیلێک بۆ هاکەرەکان دەکاتو تێیدا باسی ئەو ماندوو بوونو هیلاکی خۆی لەماوەی حەوت ساڵ لەگەڵ ئەو پرۆگرامەی دایناوە دەکاتو دواتر بۆیان ڕووندەکاتەوە کە ئەوان ڕەنجی حەوت ساڵەی ئەمیان بردووە. نامەکە لە بەهێمنی دەنوسێت.

کاتێک هاکەرەکان نامەکەیان پێدەگات، نەرمیو هێمنی نامەکە ڕنجیان ڕادەکێشێتو لە وەڵامدا زۆر داوای لێبوردنی لێدەکەنو بەڵێنی پێدەدەن کە لەوە دوا بەهیچ شێوەیەک بەرنامەکەی بڵاونەکەوەو پارێزگاری لە بەرنامەکەش بکەن.

# شەهیدانی سەروەری،
# یان تراکتۆرو راوەماسی



ڕێبوار محمەد یوسف

شەهیدەکانی نیشتیمان پیرۆزن لەلامان‌و پێگەیەکی گەورەیان لەدڵ‌و دەرونی گەلەکەماندا داگیرکردووە، ئەو شەهیدانەی کە بوونەتە سمبولی نەتەوەیمان‌و لەکۆڕو کۆبونەوەو مەراسیم‌و بۆنەکاندا بەهەموو چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگاوە شانازییان پێوەدەکەین‌و خۆمان لەئاستیاندا بەقەرزاربار دەزانین، خۆ ئەگەر گیانی پاکی ئەوان نەبوایایە، ئەوا ترۆپکی دەسەڵاتی کوردی بەم رۆژە نەدەگەیشت، هەر بۆیە ئەوان لەپێناوی بەدەستهێنانی مافەرەواکانی گەلەکەماندا لەسەنگەری بەرگری‌و پێشەوەی خەباتدا گیانیان بەخت کردووەو توانیویانە ئەو رۆژە بەدەست بهێنن‌و شەوگاری تار لەبەین بەرن. شەهیدەکان سەروەری ئێمەن‌و، بوونەتە خونچەیەکی گەش و پەخش بوون بەسەر دڵ‌و دەرونماندا. ئەگەر ئەوان رۆژانێك سنگی پیرۆزی خۆیان نەختسایەتە بەرڕمی دوژمن‌و ناحەزان هەرگیز بەم رۆژە نەدەگەیشتین کەئێستاکە بەری رەنجیان دەچنینەوە. شەهیدەکانی وولاتەکەم رووبارێك خوێنیان رشتووە، ماڵ نیە کۆرپەیەکی ئازیزی لەوپێناوەدا نەبەخشیبێت دایکێکی جگەر سووتاوو نیە بەرگی رەشپۆشی نەپۆشیبێت، دارێك نیە خوێنی پێشمەرگەیەکی لێ نەڕژابێت ،سەنگەرێکی دوژمن نیە شوێنی چالاکی‌و زەبر وەشاندنی شەهیدی بەرنەکەوتبێت خۆئەگەرپێناسەی شەهیدە ئازیزەکان نەبووایە ئەوا هەریەکێکمان لەئاستیاندا کەمتەرخەم‌و بێ ویژدان دەکەوتینەوە. بۆیە ئەگەر تەماشای مێژوو بکەین چەندەها کەڵە پیاو دکتۆرو ئەدیب‌و رۆژنامەنووس‌و کرێکارو جوتیارو پاسەوان..هتد بۆ سەرفرازی گەلەکەمان بوونەتە قۆچی قوربانی ئەم گەلە ستەم دیدەیە. ئەوەی وایکرد کەئەم نووسینە بنوسم، بەختەوەری هەمووئەو خێزان‌و کەس‌وکارانەیە کە لەریزی پێشەوەی گەلەکەمان‌و لەکۆڕو کۆبونەوەو مەراسیم‌و بۆنەو بەسەرهات‌و گفتوگۆکاندا لێیان دەدوێن، بەڵام دەپرسین ئایائێمەی زیندوو لەئاست ئەو گیان فیداکاری‌و قوربانیدانەیان چەندە بەوەفاین. خۆئەگەر سەرنجێکی خێرا بدەین‌و راگوزەرێك ئەنجام بدەین لەگەڵ رێزم بۆ شەهیدەکان‌و بنەماڵەکانیان ئایا ئەو رێزو حورمەتەی جارانی کەس‌وکاریان دەگیرێت، بەتایبەتی ئەوانەی کەئێستاکە لاف‌و گەزافی سەروەری لێدەدەن، ئایا چەند بەدەنگ کەس‌وکاریانەوە چوون‌و کۆرپەکانیان لاواندونەتەوەو لەخەم‌و مەینەت رزگاریان کردوون. ئەوەتا ئەو شەهیدانەی کەسەردەمانێك شانمازیمان پێوەدەکردن. لەگەڵ دەیان سەرۆك جاش‌و قوە خاسەو مەفرەزەی تایبەتی، وەك لەرووپەری رۆژنامەکان بەدیارکەوتن ناویان لەلیستەکاندا تۆمارکراوە. مەگەر تەنها جیاوازی مووچەکانیان نەبێت. ئێستاکەو دوای راپەرین شەهیدەکان چەندەها ناویان هەیە.(شەهیدی تراکتۆر، نەخۆشی. کۆچکردوو.جەڵدە، سەرەتان رووداوی ئوتومبیل. شەهیدی سەرماوسۆڵە.شەهیدی مردن) خۆ ئەگەر یەکێك لەراوەماسیش گیانی لەدەست دابێت بەهۆی ماتۆڕی کارەباوە ئێستا بەشەهیدی ناوی دەبەن‌و لەرێگەی نوسینێکەوە ئاماژەی پێدەدەن. بوونی ئەمانە لەسەر لیستی گیانی بەخشینی شەهیدانی پێشوو چیان لێ دەنرێت. ئەگەر ئەم هەولانە تەنها کۆکردنەوەی ئەو بنەماڵەیە نەبێت لەدەوری حزب‌و راکێشانی زۆری جەماوەر کۆکردنەوەی دەنگ نەبێت.خۆ پێم وایە کەسێکی حزبیش نیە رۆژێك سەردانی ئەو ماڵانە بکات‌و بزانن کەوتونەتە چ کووچەیەکەوە. ئەوەتا لەتازەترین سەیروسەمەرەی ئەم حزبانەدا کە رێگەیەکی نەشیاویان گرتۆتە بەربۆ دەسکەوت‌و بەرژوەندیەکانیان، ئەو منداڵانەی کەتەمەنیان تەنها(یەك ساڵە)و لەکۆڕەوەکەدا گیانی پاکیان لەدەستداوە، دەکرێنە شەهیدوو مووچەیان بۆ دەبڕدرێتەوە.بەویژدانتان منداڵێکی تەمەن یەك ساڵە چیە بیکەیتە شەهید. کەئەمە بۆ حورمەتی بنەماڵەکە زۆر ناشیرینەو حزبیش گیانی گەندەڵی تێدا تەشەنەدەکات‌و، ئەو جوانیەی شەهیدانیش فەرامۆش دەکرێت. ئەوەی دەیڵێم یەکێکە لەودیاردە بێزراوانەی کە حزب گرتویەتەبەرو بەشێوەیەك فۆرمەکەی بۆپڕدەکرێتەوە کەجەرگت ژان بکات‌و فرمێسك بەچاوەکانتدا بێتە خوارەوە. بگرە زۆر جاران کە نووسینێك دەبینیت ناوی کەسەکە نوسراوە لە تراکتۆر وەرگەڕاوە بەهۆی هێنانی چەو لمەوە، یاخوود بەرودای ئوتومبیل گیانی لەدەست داوە یاخوود لەخەستەخانە مردووە یان مارو دووپشك پێوەی داوە کەهەرهەموویان هاوولاتی سادەو ساکارن‌و بەکاروکاسپی خۆیانەوە گرفتارن دەکرێنە شەهیدوو مووچەشیان بۆ دەبڕدرێتەوەو لەماوەیەکی کەمتر لەچەند مانگێك خانەوادە ئازیزەکەیان داوای بەرزکردنەوەی پلەکەی دەکەن. بەراستی جێگەی داخ‌و ئەسەفە، ئەم رۆژگارە وابڕوات بەرێوە، حزب لەپێناوی خۆیدا ئەم دیاردەیە تەشەنە پێبدات، بۆیە دەبینین ئەوەی تۆ نەتبیستووەو رۆژانێك، لەناو شەقام‌و کوچەو کۆڵان‌و سەرسفرەدا بەرگوێت دەکەوێت. یەکێك بەجەڵدەی دەماغ مردووە یاخوود سەرەتانی خوێنی تووش بووە دەبێت بکرێتە شەهیدو ئەمریشە، دەبێت جێبەجێ بکرێت واوەیلا ئەگەر بڵێی ئەمە چ کارەساتێکە دەینێنەوە ئەوا سبەینێ نان بڕاو دەبێت‌و، هەرزوو بەرووتدا هەڵدەشاخێن‌و بەتابوری حەوتەمت لەقەڵەم دەدەن. من دەپرسم ئێستاکە شەهید ماوە کە کەس‌وکارەکانیان شەهیدانەی بۆنەکردبن ئەگەر تاك‌وتەرا یاخوود دەگمەن نەبێت، ئەمە بێجگە لەو شەهیدانەی کە رۆژانە لەئەنجامی کردەوە تیرۆرستیەکاندا لەشارەکانی کەرکوك، خانەقین، جەلەولا،موسڵ و باقی شوێنەکانی تر بەدەستی تیرۆرستان شەهید دەکرێن، کەچی رۆژانە گوێبیستی دەیان شەهیدی ساڵەکانی ( ١٩٧٠/١٩٦٠/١٩٥٠)بگرە سەروتریش دەبین. ئەگەر ئەمە کاروانێك نەبێت لەدرۆو دەلەسەو خۆ هەڵخەڵەتاندن، دەبێت چ ناشیرینیەك لەپشت ئەم هەموو ناعەدالەتیەوە بێت. لەم ماوەیدا هاورێیەکم بۆی گێرامەوە گووتی: براکەم لەساڵی ١٩٩١ وە لەدوای راپەرین چۆتە دەرەوەی وولات کە لەسەردەمی بەعس (ملازم) بووەو تاکوو ئێستا نەگەڕاوەتەوە بۆکوردستان لەرێگەی مەکتەبەکانی دەرەوە نوسراوێکی کردووە کە راژەی ئەو چەند ساڵەی بۆ حساب بکرێت ئەگەر کراش بکرێتە(عەقید)ئینجا بڕیار لەسەر گەرانەوەی بۆ نیشتمانەکەی دەدات‌و دواتریش بەو پلەیە خۆی خانەنشین دەکات داواکاریشە مووچەی ئەو(١٦)ساڵەی بۆبگەرێندرێتەوە. یاخوود دکتۆرێك کەچەندین ساڵە وولاتەکەی بەجێهێشتووە داوا دەکات ببێتە بەرپرسی بەشێك لە کۆلیژەکانی زانکۆی سلێمانی. نموونەکان زۆرن" ئەوەتا ئێستا کیژۆڵەیەکی ناسك‌و جوانکیلە لەرێگەی نوێنەری حزبەکەیەوە داوای دامەزراندن دەکات بەپلەیەکی باش لەیەکێك لەمەکتبەکان،یاخوود ئۆفیسێك، کە رەنگە هیچ خوێندەواریشی نەبێت، مووچەیەکی گەورەی دەدرێتێ. نموونەی هاورێیەکی چەند ساڵەم کەهەموو ژیانی لەخەبات‌و تێکۆشان‌و قوربانیداندا بووەو دووبراو خوشکێکیشی شەهیدەو خوێندنی زانکۆی تەواو کردووە، بەڵام خەریکی کارو کاسپی خۆی بووە لەم رۆژانەدا داوی دامەزراندنی کردووە لەیەکێك لەفەرمانگەکان کاکی وەزیر گووتوویەتی دامەزراندن نەماوە؟ئەمە ئەو پێوەرە نەگونجاو ناشایستیەو قێزەوەنیە کەحزب کردویەتە مەخزایەك بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازی خۆی کەنازانێت لەدوارۆژدا ناشیرین کردنی رووی خۆی دەردەخات. لێرەوە ئێمەی بێدەسەڵات چەند هاواربکەین‌و بڵێن ئەمە دیاردانە ناعەدالەتیە ناجۆرەکانی ئێوەیە کە ئاشنای دەکەن بەکۆمەڵگا رەنگە سزای قورس چاوەروانت بکات‌و لێپێچینەوە ببێتە میوانت‌و نان بڕوایش بکرێت. زۆرمان گووت کەس گوێی لێ نەگرتین بۆیە (ئەمەشم نووسی تاکوو کەس گوێم لێنەگرێت)